سەيد حەكيم: ئەكتيڤكردنى ڕێكەوتنەكانى عێراق و ئەڵمانيا گۆڕينى بۆ پرۆگرامى كار بەرژەوەندى هەردوو وڵات پتەوتر دەكات

سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت پێشوازى لە بەڕێز دانيار كريبير باڵيۆزى ئەڵمانيا لە بەغدا كرد و لەم ديدارە باسى پەيوەندى دوو قۆڵى بەغدا و بەرلين كرا لەگەڵ پتەو كردنى بەشێوەيەك كە خزمەتى بەرژەوەندى هەردوو ولاتى دۆست بكات، سەماحەتى داواى كرد دوايين سەردانى سەرۆك وەزيران لەم دواييە بۆ ئەڵمانيا بقۆزنەوە بۆ ئەوەى ڕێكەوتنە واژۆ كراوەكان بخەنە بەرنامەيەكى كار و هەورەها پێشوازى خۆى بە هاتنى كۆمپانيا ئەڵمانييەكان كرد بۆ عێراق لەبەر ئەوەى ئەزموون و ناوبانگى زۆر باشيان هەيە.

سەماحەتى ئاماژەى بە ڕكابەرييەكانى سروشتى عێراقى كرد و دووپاتى كردەوە كە عێراق بەهۆى ئاستەنگى ئابوورى لە مەينەتى دايە، ئەوەش بەهۆى ڕووداوەكانى ناوچەكەيە كە كاريگەرى لەسەر بەرهەمهێنان و هەناردەكردنى نەوت كردوە كە بڕبڕەى پشتى بودجەى عێراق پێك دەهێنێت.

هەروەها جەختى كردەوە لەسەر گرنگى پەند وەرگرتن لە قەيڕانى ئێستا بۆ ئەوەى كار لەسەر فرەكردنى ئابوورى بكەن و دەروازەكانى هەناردەكردنى نەوتيش بۆ بازارەكانى جيهان زياتر بكرێت.

سەماحەتى حەكيم بانگەشەى دووپات كردەوە بۆ چارەسەرى كێشەى ڕادەستكردنى چەك بەدەستى دەوڵەت ب□ پێى گفتوگۆ و لێك تێشگەيشتن و بەگوێرەى ساتێك كە عێراق ديارى بكات، ڕوونيشى كردەوە كە چارەسەرى چەكى دەرەوەى سنوورى دەوڵەت داواكارييەكى عێراقييە و ڕاستيەكى دەستوورييە و بەرژەوەندييەكى نيشتمانييە و هەموو ئەركەكانى ولاتانى بەرز نرخاند لە گەڕانەوەى سەقامگيرى ئەمنى وسياسى و كۆمەلايەتى.